حسێن زارین (ئازاد)ی گەردەلول:

هەڵبژاردنی بابەتی (گەردەلول) بۆ سیناریۆ دەستنیشانکردنێکی زیرەکانە بوو

هونەرمەند حسێن زارین (ئازاد) لە درامای گەردەلول

ـــ خوێندنەوەی تۆ چییە بۆ زنجیرەی گەردەلول، بەدەر لەوەی دەورێکی سەرەکیت بینیوە؟

+ دەرهێنەر کاتێك بیر دەکاتەوە بۆ کارکردن لەبەرهەمێك، دەکەوێتە نێوان دووبابەتەوە بابەتی خەیاڵی بابەتی واقیعی، کارکردن لەبابەتی واقیعی زۆر قورسترە لەکارکردن لەبابەتێکی خەیاڵی، چونکە لەبابەتە خەیاڵییەکاندا دەرهێنەر بەگوێرەی بۆچوونو ئارەزووی خۆی دەستکاری دەقو کێشەو ململانێیەکانی چیرۆکەکە دەکات بەوجۆرەی لای خۆی باش وجوانترە تێڕوانینی تایبەت بۆ هەموو کەسایەتیو گرێکان دەکاتو دەتوانێ بڕیار لەسەر پاڵەوانو پاڵەوانەکانیش بدات. واتە دەرهێنەر دەتوانێت لەرەگو ریشەوە دەستکاری دەقێکی خەیاڵی بکات بەگوێرەی خەیاڵی خۆی.

بەڵام لەکارێکی واقیعیدا پێویستە دەرهێنەر زۆر ووریاو ژیرانە ئەو رووداوانەی ناو چیرۆکەکە بپارێزێتو هێڵی گشتیو سەرەکی رووداو ون نەکات بەتەواوەتی، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەستاتیکاو چارەسەری دراماییو سروشتی بگرێتو گرێدانەوەی گونجاو و شایستە بۆ وێنە بکێشرێت کێشانی ئەو وێنەو چارەسەرە درامیانە ئاستی هونەری ئەو هونەرمەندە دەردەخەن، چونکە هونەر کۆپی کردنەوەی واقیع نییەو پێچەوانەی ئەو واقیعەش نییە بەڵکو کارکردن لەناو واقیعدا بلیمەتی دەرهێنەر دەخاتە روو وەك ئەو کارکردنەی لەناو (گەردەلول)دا بینیمان کەبابەتێکی واقیعیە یان وەك فیلمی (تایتانیك) کەبەسەرهاتێکی واقیعی بوو بەڵام کارکردن لەناو ئەو رووداوەدا وایکرد ئەو فیلمە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت کەجیمس کامرون دەرهێنەرەکەی بوو.

راکێشانی بینەر بەدوای رووداوەکاندا خاڵێکی سەرەکی سەرکەوتنی هەر کارێکی فیلمسازییە.

خوێندنەوەیەکی چڕوپڕو ورد لەچەند لاپەڕەیەکدا زەحمەتە، بەڵام من لێرەدا بەباشی ئەزانم کەباسی چەند رەگەزو بنەمایەکی سەرەکی سیناریۆو دەرهێنان بکەم کەجێبەجێ کردنیان نیشانەی سەرکەوتنە لەهەر بەرهەمێکی فیلمسازیدا.

ئەو کاتە لەخۆمان دەپرسین ئایا تاچەند لە(گەردەلول)دا هونەرمەند جەلیل زەنگەنە توانیویەتی جێبەجێیان بکات.

ئێمەی کورد کەتائێستا خاوەنی هیچ شێوازو قوتابخانەیەکی هونەریو تایبەتمەند نین بۆیە هەر هونەرمەندەو بەگوێرەی بۆچوونی تایبەتی خۆیو شارەزایی لەبوارەکە کاردەکات. ئەو رەخنەگرە تایبەتمەندانەشمان نین کەبۆمان شی بکەنەوە تاچەند کارەکانمان زانستیو تاچەند نەمانتوانیوە فیلم دروست بکەین.

بۆیە کارو بەرهەمەکانمان دابەش دەکرێنە سەر چوار خاڵ ئەوانیش(١-زۆر باش ٢ـ باش ٣ـ خراپ ٤ـ زۆر خراپ)

بۆ ئەم ئەنجامانەش تەنها پشتمان بە(رای جەماوەر)و (بینەران) بەستووە لەکاتێکدا رای خۆیان بە(باش) یان (خراپ) کەبەبۆچوونی من تاکە سەنگی مەحەکە بۆ ئەمڕۆمان (گەردەلول) بابەتێکە هەڵبژاردنی بۆ سیناریۆو پێویستییەکی گرنگو دەستنیشانکردنێکی زیرەکانە بوو، بۆ مێژوو نووسان بۆ ئاشنابوونی ئەوەی ئەمڕۆ لەخەباتو تێکۆشان بۆ ون نەبوونی ئازارو دەردەسەری ئەوانەی بوونە سوتەمەنی خاكو وڵات، بۆ ئەوانەی ئەمڕۆیان دروست کرد، (گەردەلول) تاچەند پێویستە ئەوەندە قورسەو بوێری گەرەکە دەستنیشان کردنی بابەتیش گرنگترینو یەکەمین بنەمای سیناریۆنووسە کەراستەوخۆ ئاستی رۆشنبیریو باکگراوندی مەعریفیو شارەزایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سیناریستە دەخاتە روو کەتاچەند بەئاگایە.

سیناریۆش کەنووسینەوەی چیرۆکە بەوێنە وادەخوازێ نووسینەوەی ئەو وێنانە راستگۆ بن.

لە(گەردەلول)دا، ماڵو دوکانو زانکۆو کەلوپەلەکان گوزارشتیان لە٢٠ساڵ لەمەوبەر دەکرد، حەماڵو خوێندکارو بازرگانو دایكو باوكو خەسووو ململانێکانیان وێنەیەکی تەواوی ئەو سەردەمە بوون میللەتێك لەبەردەم دەسەڵاتێکی درندە وەك مەڕو گورگ دەبینران، هیچ کەسێك خاوەنی هیچ شتێك نەبوو لەبەردەم رژێمدا تەنانەت خاوەنی خۆیشی نەبوو، خۆشەویستی نێوان دوو خۆشەویست نەدەکرا هەستمان بەم شتانە کرد، هەستمان کرد هۆشیارو فاخرو ستەرە جوانو ئازاد رۆڵەی ئازاو چاو نەترسو بەگژداچوونەوە بوون. هەموو پەیوەندییەکان لەجێی خۆیان بوون.

گۆڕانکاری لەحاڵەتی سایکۆلۆژییەتی کەسایەتییەکاندا تەریب لەگەڵ رووداوەکاندا دەڕۆیشت.

بلیمەتی سیناریست ئەوەیە (والەبینەر بکات نەزانی چی رووددات) ئەمە بەیەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی سیناریۆنووس دەژمێردرێت لەزانستی سیناریۆنووسیندا. رۆژانەش لەخەڵك گوێبیستی ئەو رستەیە دەبووین کەدەیانووت (چی روو دەدات؟).

بەتایبەت لەنووسینی زنجیرە درامادا دەبێت والەبینەر بکەیت پەل راکێشی ناو رووداوەکانی بکەیت چرکە بەچرکە نەهێڵی داببڕێت چونکە لەزنجیرەیەك بۆ زنجیرەکەی دوای خۆی شەوو رۆژێك شتێك کەمتر دەکەوێتە نێوانیان کەواتە ئەگەر سیناریست زۆر وریا نەبێت بینەر دادەبچڕێتو تامەزرۆیی رووداوەکان نابێت.

خاڵێکی گرنگی تریش لەسیناریۆ نووسیندا ئەوەیە (دروستکردنی کێشەی لاوەکی بۆ زیاتر فراوانکردنی بازنەی رووداوەکان بەمەرجێك ئەم کێشە لاوەکیانە لەخزمەتی بەهێزبوونی هێڵی سەرەکی دراماکەدا بێت.

لە(گەردەلول)دا ئەو کێشە لاوەکیانە زۆر خزمەتی هێڵی سەرەکیان دەکرد کێشەکانی خوێندکارو حەماڵو فەرمانبەرو هتد پەیوەندییەکی راستەوخۆو دانەبڕاو بوو لەبەردەم رژێمێکی درندە کەدەستەیەك لەرۆڵەکانی میللەت تووشی نیگەرانییەکی زۆری ئەو رژێمەیان کردبوو رژێمیش پەلاماری هەموو کوردێکی دەداو وەزعەکانی دەشێواند، ئەم کێشە لاوەکیانە بەتەواوی هێڵی دراماکەیان دەوڵەمەندکردبوو بێجگە لەوەی روونکردنەوەیەکی جوانیش بوو بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەو خوێندنەوەی ناخی کەسەکانو پەیوەندییەکانیانو هەڵسوکەوت بەرامبەر رووداو دەوروبەردا.

ئەم دووخاڵەی باسکرد لەزانستی سیناریۆ نووسیندا بەگرنگترین خاڵەکانی دەژمێردرێن کەبەئاشکرا بینیمان کاك (جەلیل زەنگەنە) کاری زیرانەی لەسەرکردبوو.

ـــ ئەی دەرهێنان تاچەند لەخزمەتی سیناریۆدا بووە؟

+ بەپێی ئەوەی سیناریۆکە کەلەنووسینی دەرهێنەر خۆیەتی، کاری دەرهێنان قورسایی کەمتر دەبێتەوە لەسەر (دەرهێنەر)، بەڵام ئەم وتەیە بۆ کاستی کارکردن خۆمان نابێت. بۆ ئەو ستافەیە کەدەرهێنەر تەنها کاری دەرهێنان بێتو هیچی تر، هێڵە پێکهێنەرەکانی تر پسپۆڕی کادیری تایبەتمەندی خۆی گەرەکە کەلەبنەماکانی بزانو پرۆفیشناڵ بن تێیدا.

بەحوکمی ئەوەی خۆم یەکێك بووم لەو کاستەو دەمبینی هونەرمەند (جەلیل زەنگەنە) زۆر هیلاكو ماندووە ئیشەکان زۆر بوو کەنەدەبوا بهێڵین ئەو مێشکی بە شتی ترەوە خەریك بکات، بەڵام چی ئەکەی، لای ئێمە دەرهێنەر زۆر زیاتر لەوەزی خۆی بەکاردەهێنێ بەوەی کەبچوکترین کێشەو گیروگرفت رووبەڕووی ئەو دەکرێتەوە کەئەمە هەڵەیەکی گەورەیە.

هەرچەندە بەرای خۆییو رای ئەو هونەرمەندانەی لەبەرهەمەکانی تریدا بەشداریان کردبوو ئەیانوت ، (باشترین کاستی هەڵبژاردووە) کەهەڵبژاردنی کاست یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتووی دەرهێنەرە. ئەگەر بەووردتر لایەنی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان شی بکەینەوە دەبینین نزیکبوونەوەی فیگۆر لەکەسایەتییەکان بەتەواوەتی لە(گەردەلول)دا رەنگی دابووەوە لەباڵاو تەمەندا تەواو حسابی بۆ کرابوو تەنانەت لەهاوشێوەیی لەخێزاندا بەجوانی دەرهێنەر بەرجەستەی کردبوو. بۆ نمونە لەدەوری شێرکۆو ژاڵە دا باڵاو تەمەنو نزیکی فیگۆر زۆر ئاوێتەی یەکتر دەبوون، کاك (جەلیل زەنگەنە) کاری تەواویشی لەهەستەکانی ناوەوەی ئەکتەرکردبوو بۆ نمونە لەدەربڕینی خۆشەویستی نێوان رزگارو هەنار شەڕی نێوان بوكو خەسوو ئازاری زامداری ئازاد هەستی ناوەوەی عەباسە فەنی کە(ماهیر حەسەن) لەکۆمیدیاوە پێچەوانە بۆوە تووشی حاڵەتێکی ترازیدی پڕزانی کردین ئەمانە ئامازەی دەرهێنەرە کەوا لەئەکتەر دەکات بەو گەرمو گوڕییەوە حاڵەتەکان وەك واقیع بەرجەستە بکات لەکۆتاییدا دەڵێم، دەرهێنان بەمانا زانستییەکەی یەکهێڵ کردنەوەی کۆی یەکە پێکهێنەرەکانە هەر یەکەیەو لەشوێنی شیاوی خۆی بەگوێرەی بنەمای زانستیو هاوکێشەیی، بەڵام راستتر ئەوەیە کەدەرهێنان روانینێکی تایبەتە بەدەرهێنەرەوە گرنگ ئەوەیە وا لە بینەر بکات بەدوای رووداوەکاندا پەلکێشی بکات وای لێبکات بۆ ساتێك دانەبڕێت لەرووداوەکان ئەو کاتە پێی دەڵێن بەرهەمێکی سەرکەوتوو. جیا دەرهێنەر بەهەر شێوازو رێگایەك کار دەکات خۆی سەرپشكو ئازادە ئەگەر بگاتە ئەوەی بنەما زانستییەکانیش تێك دەشکێنێ سروشتییە تەنها سەرکەوتوویی بێنێتە ئەنجام.

ڤانکۆخ دوایین نامە دەنووسێ

و: هەندرێن



ئازیزەکەم تیۆ

ژیان بەرەو کوێمان دەبا؟ ئاوەز جیمان لێ دروستدەکا؟ ئەوە شتەکانە کەشادییەکانیان وندەکەنو بەرەو خەمۆکیمان خاو کێشدەکەن. ئەگەر من ئەو پەڕەمووچەو رەنگانەم ئەبێ لەیەکتەنوابیو دووپاتەبوونەوە بۆگەن دەبم، بەواتە دووبارە لەنوۆژەنەوە شتەکان دروستدەکەمەوە. هەموو شتەکان دوای ئەوەی کەرۆژگار دەیان گەچرێنێ ساردو کاڵ دەگوزەرێن..

چی دروستبکەم؟ دەمەوێ جیا لەو رەنگانەی کەهەموو رۆژێ بینایمان ساتەی لێدەکەن، چەند هێڵو رەنگێکی نوێ دابهێنم هەموو رەنگەکان لەدڵمدا پرشنگێکی غەمگینیان هەیە، ئاخۆ دەبێ هەر خۆیان لەسروشتدا ئەوها بن یان چاوەکانی من ئەخۆشن؟

ها، ئەوە من سەر لەنوێ وێنەیەکیان دەکێشمەوە وەکی ئەوەی ئاگرە خەفەکەی ناوەوەیان جۆشبدەم.

لەرەنگەکانم دەخوازم لەنێو جەرگەی مەرگساتەکانەوە، هێڵە شادەکان لەکێلگەکەمدا "قەلە رەشەکان" و فەریکە گەنمەکان بە گەردەنە چەمیوەکانیان نیشان بدەن، ئامەوێ بەهۆی رەنگ و بزوانەوە هەتا (پێڵاوی جوتیار)یش کە کڵۆڵی دڵخۆشییەکەی دەچوۆرێنێتەوە، دەستەبەر بکەم.. شتە ئاشرینەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە ، کەرەنگەکە لەشتە جوانکیلەکاندا نەیان بینین، لەوەدا چاوی هونەرمەندیش هەڵە ناکات.

ئەمڕۆ وێنەکەی خۆم کێشاوە.

هەموو سپێدەیەك کەسەیری خۆم دەکەم، بەخۆم ئێژم: تۆ ئەی رووخسارە دووپاتەکەم، ئەی رووخسار کەمرۆڤ ئاشرینە، بۆچی تازە نابیەوە؟

ئاوێنەکان تفرێز دەکەمو دەچمە دەرێ..

ئەمڕۆ هەستام لەبەرایبرا رووخساری خۆم ئەکێشاوە، نەك وەك ئەوەی کەسروشت دەیخوازێ، بەڵکو وەك ئەوەی کەخۆم دەمویست؛ دوچاری هەراسانی گورگانی رووخسارێکی سەوزو ریشێکی ئاگرینی ددانەدار، لەتابلۆیەکدا گوێچکەیەك ناهەموار دیاربوو، پێویستم پێی نەبوو ، پەڕەمووچەکەم گرتە دەست ، مەبەستم گوێزانی ریش تاشینە، دامماڵی.. لەنێوان سەرەدا لەدەرەوەو ناوەوەی تابلۆیەکەدا وێدەچێ کارەکەم لێ تێکەڵاو بووبێت.. ئێ دەباشە چی لەو پارستاییە گۆشتە بکەم؟ بۆ ئەو ژنەم ئارد کەنرخی ئەدەزانیمو مەزەندەش وێدەچوو خۆشەدەوێ.. هەروا دەبێ دەبا زیادەکان لەگەڵ یەکتردا کۆببینەوە.. ئەی ژنە چەنبازەکە ها ئەوەش گوێچکەم بۆ تۆ بێ، دە بۆی ببیفە.. ئێستا دەتوانم گوێم لێی بێو بەپەنجەکانیشم ببینم، هەتا شەشەمین پەنجەکەم (پەڕەمووچەکەم) لەوەش زیاتر کارا بێ؛ ئەوە کە سەما دەکا و دەگرێ و پێستی تابلۆکە ختووکە دەدا...

بەتێرامانەوە رووددەنیشم.

جیهان کەنەفت بووو ئادێ لۆچەکانیشی زیاتر دەبێو هەتا دێ رووخساری تابلۆیەکە زیاتر خاو دەبێتەوە.. ئای خوایەکەم بەر لەوەی شەو دابێو لەسەر گومەزی رۆحم دابەزێ، من چیم لەتوانایە بیکەم؟

فلچەکان، رەنگەکانو.. زۆر ئامادەیان دەکەم: تریەیەکی رێکو خێرایە، تیزو ژیکەڵەیە..

رەنگەکانم روونو سەرەتایین، زەرد، شین، سوور.. دەمەوێ شتەکان بۆ وادە رەمەکییەکانی بەرایی خۆیان بگەڕێنمەوە وەك ئەوەی کەجیهان تازە لەیەکەمین هێلکە گەردوونییەکەیدا چاوی پشکوتوو بێت.

هێشتا لەیادمە؛

کات زەردەپەڕ یان دوای زەردەپەڕ و پێش کازیوە بوو.. رەنگی سووری سوورمەیی هێڵی ئاسۆی خوێنبژێن دەکرد.. ئاه لەموچرکەی سوورمەیی! ئەو کاتانەی کەمنێمە بۆ دزینی "توو"ی کێویلکەیی دەچووینە ناو بێستانەکان، لەخەمی خۆشی درەختەکە ئۆقرەم دەکرتو چاوەدێری کرمە سەوزو زەردەکانم دەکرد. کەچی "نورسولا" (خوشکی ڤانگۆگە، و.کوردی) بەرزێدە لاساریو شادییەوە لەنێوان لقەکاندا هەڵدەبەزێنیو لەنکاو هاوسەنگی تێکچوو خزایە خوارەوە، بەر لەوەی لەسەرەتاوە ئاوێزانی گەردەنم بێ، موچرکەم بەسنگدا هات. لەئامێزم گرتو ئەویش وەك ئاسکۆڵەیەکی سەر لەدوونراو هەناسەی دەدا.. کاتێك لەمپەرم لێکرد، بینیم دەنکە توویێك بوو کەشیلە سورمەییەکەی لەسەر کراسە سپییەکەم بەجێهێشتبوو. من لەوێ رۆژێوە، کەدوانزە ساڵی بووم هەست دەکەم کەئەگەر لەسینەمدا درزێکی سوورمەیی بکرێتەوە، هەتا لەسەرەوەی سپیاتییەکەوە شیلەکەی بزنێ، بەختەوەری بەخۆم دەگرێ..

ئای لەموچرکەی سورمەیی..

هزرێك زۆر جەختم لەسەر دەکا، ئاخۆ دەتوانم بیادەی بکەم؟

لەگوڵەبەڕۆژەدا خەفەیە، تۆ ئەی رەنگە زەردەکە، ئەی من، لەتیشکی ئەم گەردوونە شادەدا شیلەکەم هەڵدەمژم.. تێڕوانین بەدوای تێڕوانین لەچاوی خۆر دەڕوانم هەتا رۆحی گەردوون چاوەکانم دەسوتێنێت.

دوو شت رۆحم بەسەرەتاکێ دەخەن: روانین لەخۆر، روانین لەمەرگ.. دەمەوێ بەرەو ئەستێرەکان گەشت بکەم، ئەو جەستە کڵۆڵەم پێشم دەگرێ؟

. بەڵام بەرەو کوێ؟

. هەڵبەتە بەرەو خەونەکان.

دوێنێ بەرەنگی قوڕ وێنەی گوڵێکم کێشا

دوای ئەوەی خۆم لەناو خاکدا چاند، فەریکە سەوزو زەردەکان لەسەر پانتایی سەرمدا دەفڕازانو قەلەرەشەکانی یادەوەریش بەبێ هەوا هەڵدەفڕین. فەریکە گەنمو قەلەرەشەکان، قەلەرەشەکانو گەنمەکان.. قەلە رەشەکان دوو نوکیان لەمۆخم دەژەنی.. قاژ.. قاژ.. هەموو شتێك خەونە، خەونە خاکە سارەکان، پەڕەموچەکانی خاك هەموو ساتێك دەستخەڕۆمان دەدەن. بەم زووانە راسپاردەکەی خاك دەگەڕێنمەوەو چۆلەکەکانی سینگم بەرەو وڵاتی خۆر هەڵدەفڕێنم.. ئای ئەی پەرەسێلکەکەم بەم دەمانەچەیە قەفەزەکەت بۆ ئاوەڵا دەکەم؛

سووورە تۆخەکە پەرش دەبێ، خوێنە یان ئاگر؟

سپێلەکەم (پایپەکەم) دادەگیرسێ.

رەش و سپی رەنگی ژیان بەخۆڵەمێشی دەکەن. بۆ خۆڵەمێشی چەند گریمانە هەیە کۆتاییان نابێ: خۆڵەمێشی سوور، خۆڵەمێشی شین ، خۆڵەمێشی سەوز.. توتن دەسووتێو ژیانیش گەشە دەسێنێت. خۆڵەمێش تامێکی تاڵی هەیە بەناسایی هۆگری دەبین، دواجاریش خووی پێوە دەگرین کتومت وەك ژیان، هەرچەندە تەمەنمان بەرەو پێش بڕوات، زیاتر بەرۆیشتنمان ئاوێزان دەبین... لەپێناوی ئەوەدا لەکڵپەی داگیرسانمدا، دەستبەرداری ئەوە دەبم.. بەڵام بۆچی؟!

جارێکی تریش ئەمە کەمتەرخەمییە.. ئەگبەتی هەرگیز کۆتایی نایات.

هۆ "تیۆ" ماڵئاوا، ئەوا بەرەو بەهار بەڕێدەکەوم.

تێبینی:

گۆڤاری "الف" لەساڵی ١٩٩٨، ئەم نامەیەی بەیادی سەد ساڵەی مەرگی ڤانگۆگ کردبوو بەعارەبی بڵاویکردۆتەوە، منیش حەزمکرد بەوەرگێڕانی بۆ کوردی، ستایشی رۆحی ئەو هونەرمەندە دڵگیرە بکەم.

Handren_u@yahoo.se